# تورك تيژی نەگۆڕ، كورديش قسەی سەرگۆڕ !؟

**ئاسۆعەبدوللەتيف**
Asolm2002@yahoo.com

دیارترین بەربەستەكانی توركیا بە ئاراستەی ریفۆرم و دیموكراسی و چارەسەری كێشەی كورد بە ئاشتیانەو پرسی قوبرص و ، بەستەڵەكی بیرو هزری دۆگمای جەنراڵە كە خۆی لە سێبەری كەمال ئەتاتوركدا EUوەرگرتنی توركیا لە یەكێتی ئەوروپا ئەبینێتەوە، ئەم سێبەرە كۆی پێكهاتە سیاسی و ئابوریەكانی توركیای دوچاری لێكترازان كردۆتەوە، گەر ئەم هاش و هوشانەش نەبێت كێرڤی دەسەڵاتی جەنراڵ بەسەر سیاسەتەكانی توركیادا كەم ئەبێتەوەو حیزب و رەوت و دەموچاوی دیكە دێنە گۆڕەپانەكەوە بەو واتایەی دەركەوتنی هەر دەموچاوێكی مەدەنی و سیاسی كوشتنی سەدان دەموچاوی عەسكەرە، دەركەوت لە پاش هەرەسی یەكێتی سۆڤیەت و دەركەوتنی تاك جەمسەری و سیستمی نوێی جیهانی كێشەكان بە ئاشتەوایی دەبێت چارەسەر بكرێن بەڵام توركیای كەمالی هەرگیز باوەری بەم تێزە نییەو نەبووە، تێزێك باوەرەكانی خۆی بنیاد ناوە لەسەر پایە نەگۆڕەكانی كەمالیەت و شۆڤێنیەتی تورك، بێئاگالەوەی كە ئێستا لەبەرانبەر ئەو تێزەدا هێزی كوردییش گۆڕانی نەوعی بەسەرداهاتووەو ئەو گۆڕانەش تەنها خول ناخوات لەناو بارگەوبنەی پەكەكەو پەژاكداو بەڵكو حكومەتێكی گەورە هەیەو ناوی هەرێمی كوردستانەو گرنگە توركیا رێز لە سەروەری ئەم حكومەتە بگرێ و ئەم رێزگرتنەش بە ئارامی سنورەكانە.

پارتی دادو گەشەپێدانی توركیا بۆ دووەم خولی پەرلەمانی توركیا شەرعیەتی جەماوەرییان وەرگرتەوەو قاچەكانیان درێژكردەوە بۆ ناو دەسەڵات و هەژمون و دەنگی خۆیان فەرزكردەوە بەسەر توركیادا بە رێژەی زۆرینەی 46.6٪ ئەم رێژەیەش سەركەوتنێكی بەرچاوی ئەم رەوتەیەو توانیویانە لەسەر هەدوو ئاستە ناوخۆیی و دەرەكیەكانی توركیادا سیاسەتێكی باش پەیرەو بكەن و توركیا دوچاری لێكترازانە گەورەكە بكەنەوە كە بە لێكترازانی فیكری و عەلمانی دەناسرێت، واتە لێكترازانی تێزی نەگۆرو دۆگمای مستەفا كەمال ئەتاتورك، دیارە مەترسی ئەم لێكترازانەیە جەنراڵەكانی توركی شێت و هار كردووەو بە راست و چەپدا سەری زمان و بنی زمانیان لەشكركێشیە بۆ دەرەوەی قەڵەمرەوی تورك بەئاراستەی هەرێمی كوردستان(ویلایەتی موسڵ و كەركوك كە خەونی لە مێژینەیانە) وەك خۆیان ئەڵێن بە ئاراستەی برینی لووە سەرەتانیەكەی پەكەكە كە لە ناو قەندیل و هەرێمی كوردستانن، هەرێمەكەی بارزانی و تاڵەبانی؟! گەلانی توركیاش بە هەموو زمان و ئایدیاو رەنگەكانیەوە بە ئیسلامیە نوێگەرەكانیشەوە (الاسلامی الجدد) ئەمەی قبوڵە، دیارە سیستمی حوكمرانی توركیا تا ئێستاش وەستاوە لەسەر تێزەكانی مستەفا كەمال ئەتاتورك كە بەباوكی رۆكی تورك دادەنرێت و یەكێكە لە كاریزماكانی توركیاو یەكەم سەرەك كۆماری توركیاو دامەزرێنەری حیزبی گەلی كۆماری بوو لە ساڵی 1923 واتە دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و خەلافەتی ئیسلامیەكان و كۆتایهاتن بە قەڵەمرەوی سوڵتان، ئێستا دەنیز بایكال میراتگری ئەم حیزبە كۆن و مێژوویەی ئەتاتوركە كە پایەكانی خۆی قایم كردوە لەسەر بنەماكانی چەپ و عیلمانیەت و توندگیری و بیری ناسیۆنالیزمی تورك كە لەگەڵ ئەو هەموو پشتگیرییەی دامەزراوەی سوپاو جەنراڵەكانیشدا، نەیتوانی ركابەری تەواوی پارتە بەناو ئیسلامیەكەی رەجەب تەیب ئۆردوگان بكات، چونكە ئەوەندەی بەرنامەكانی ئەم حیزبە بۆ خەڵك لەسەر سەروەریەكان و مێژووی كۆن و هێزی میلیتاریزم و شەرعیەتی خودی ئەتاتورك وەستابوو ئەوەندە خزمەتگوزاری گشتی و ئابوری خەڵك و رەوشی بازارو گرانی و هەرزانی و چارەسەریە هەنووكەییەكانی نەكردبوویە بەرنامەو ئەجندا، بۆیە ئەم شكستە توركیای زیاتر نزیك خستەوە لە لێكترازان و دۆران و هەڵیسانی ئابوری توند، هەستانەوەو زیندوبونەوەی پەكەكەش دیارە مایەی تێرامانی قوڵ و پرسیارە، دەركەوتنی روخسارێكی ئیسلامی میانرەویش بە باكگراوندێكی مەدەنیانەی سیاسی نەرمبڕەوە كە (بانگەشەی بەردەوام بوونی عەلمانیەت بكات) مانایەكی دیكە ئەبەخشێت بە شەقامی سیاسی و ئابوری توركیاو ناكرێت نادیدە بگیرێت، لەكاتێكدا دەركەوتنی ئەم روخسارە ئەوەندەی پەیوەستە بە ریفۆرمی بازارو چاككردنی رەوشی خەڵكیەوە ئەوەندە نەوەستاوە لەسەر ئایدۆلۆژیاو سیاسەت، دەركەوت تاك لەم كۆمەڵگایەدا چاككردنی رەوشی خۆی

ئەوێت و شوێنکەوتەی خزمەتگوزاریەکانە نەك شوێنکەوتەی توراسەکانی شۆرش و حزب و دروشمە بریقەدارەکانی عەلمانیەتی تورکی، چونکە بۆ دووەم جارە لە مێژووی تورکیادا هێزێکی ئیسلامگەری نوێ کە لەناو قولایی کێشەکانی خەڵك و شارەوانیەکانی ئەستەمبوڵەوە سەری هەڵدا توانی بەستەڵەکەکان بیرێت و ببێتە رکابەرێکی سەرسەختی دامەزراوەی سوپاو کۆی دەسەلاتەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەمە ئاماژەیەکی هەستیارە بۆ کۆتایی هێنان بە سیستمی زبری دامەزراوەیی سوپاو هەرەشەو گوڕەشەو کەمکردنەوە هەژمونی جەنراڵ بەسەر سیاسەتەکانی تورکیادا، ئەم روخسارە نوێیەی تورکیا روخسارێکە دەکرێت زیاد لە هیوایەکی پێوە ببەستین بەتایبەتی کوردەکان کە بە لیستی هەزار هیواوە توانیان 24 کورسی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و ببنە کوتلەیەکی پەرلەمانی و هاوشان لەگەڵ سیاسەتەکانی ئۆردوگاندا زاڵ بن بەسەر ئەو کێشانەی کە ئێستا پەرەسەندوون لە نێوان تورکیاو کورددا، کورد دەبێت لە تورکیادا زۆر سوود وەرگرێت لە گەمەکانی ئایندەو یاریکەرێکی چالاك بێت بە ئاراستەی وەدی هێنانی خواستەکانی، بەلام ئەم خواستانە چۆن و بەچی وەدی دێن؟ لەکاتێکدا دەزانرێت رۆژ بەرۆژ هەژمونی سوپاسالاری بەرەو کزی ئەروات و ئەکرێت ئەم هەلانە بقۆزرێتەوەو وەك ئەوترێت چەند کورسیەکی حیزبەکەی ئەردوگانیش کوردن و ئەمەش کاریگەری خۆی ئەبێت لە نێو گفتوگۆو مەترەحەکانی پەرلەماندا، دەبێ تورکیا ئەوە بزانێت تێزی رابردووی تورك لە گەشەی خۆی وەستاوەو ئێستا هەموو هێزەکان کەوتونەتە جوڵەی دینامیکی و گرنگە بارزانی و تاڵەبانیش بجوڵێن و نەترسانە رووبەرووی ئەو هەرەشانە بوەستنەوەو کچی خۆیان نەکەن بە قوربانی کوڕی خەڵکی و ئەوەندە نەرم نەبن لەبەرانبەر ئەو هەرەشانەی تورکیادا، بەو واتایەی ئیدی ئێمەش واز لەو گوتارە تەقلیدی و تێزە نەگۆرەی بنەماڵە بهێنین و گوتاری دەوڵەتی دروست بکەین نەك گوتاری بەرتەسکی حیزب و فرە گوتاری بارزانی و تاڵەبانی کە بەداخەوە زۆر ناسیستماتیکەو تەنها بە عاتیفە کار ئەکات، چونکە هەزارساڵی دیکەش تورك حاکم بێت ماف بە کوردی باکور نادات و نکوڵی لە سادەترین دەربرینی کوردییش ئەکات و ئەم ئەزمونەی باشوریش بە یاری منالان تێئەگات و گرنگە ئاگامان لەو هەڵکشانە تازانەی دونیابێت و بەئاسانیش نەبینە نێچیری تورکیا، چونکە تورکیاش هەر بەتەنها خۆی نییە گەر ئەمریکا دنەی نەدات بۆ ئەم پەلامارو هەرەشانە، هەروەك چۆن کاتی خۆی دنەی عیراقیدا بۆ داگیرکردنی کوەیت، ئەمەش تەنها بە گوتارو ئەجندای نەگۆری نەتەوەیی بالا ئەبێت کە **تا ئێستا کورد نیەتی و دەبێ وەپێش رووداوەکان کەوین نەك دانیشتن و چاوەروانی بۆ دوای کارەساتەکان و هاتنەوەی شەهیدەکان و قسەی سەر گۆرەکان کە هیچ سودێکیان بە ئێمە نەگەیاندووە جگە لە لاواندنەوەی شاعیرانە نەبێت، ئێمە ئەبێ تێبگەین ئیدی ئەوە تورك و فارس و عەرەبن کە بەدرێژایی مێژوو ئاوان بەرانبەرمان، ئەوان (نەگۆڕ) و ئێمەش مەحکوم بە (گۆڕ) ؟!**